# بنیاتی بیر و بەلاغەت و مۆسیقا لە تێکستی ( مەڵبەندەکەی مامە یارە )ی ( لەتیف هەڵمەت ) دا
## توێژینەوەیەکی بەلاغی ـ هونەری ـ شیکارییە

پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا

زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
کۆلێژی زمان

پوختە

تێکستی (مەڵبەندەکەی مامە یارە) یەکێکە لە تێکستە زۆر باوەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کورد، خاوەنەکەی شاعیری ناسراو (لەتیف هەڵمەت)ە، ئەو تێکستە وەکو پارچەیەك شیعری ئازاد، باس لە هەست و سۆز و بیری خاوەنەکەی دەکات، بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی، کە ئەو خۆشەویستەی ئەمجارەی جیاوازە لەوەی ئافرەتێك، یان کچێکی جوان، واتە: ڕەگەزی بەرامبەر بێت، بەڵکو ئەمجارە خۆشەویستەکەی شارەکەی تیا ژیان و تیا داهێنانکردن و تیا دەرکەوتنیەتی، کە ئەویش شاری سلێمانییە، شیعرەکەی بۆ عیشقی ئەو شارەی نووسیوەو بە هۆی ئەو عیشقەشەوەیە، لە لایێ داهێنانی تێدا کردووە، لە لایێکی دیکەیشدا هەندێ لادانی بیری و دەرچوونی نائاسایی لە بنیاتی بیری بنجی تێکستەکەیدا کەوتووە.

ئەو تێکستە مۆسیقایەکی هاوسەنگ و بەلاغەتێکی دلگیری هەیە، لەبەر گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی، بە پێویستم زانی ئەم توێژینەوەیەی بۆ ئامادە بکەم.

پێشەکی

هەموو کارێکی گرنگ مەرج نییە گەورەترین و فراوانترین و قەبەترین بێت، بەڵام مەرج ئەوەیە پڕترین و جوانترین بێت، مەبەست لە پڕ ئەوەیە پڕ داهێنان بێ، لە زیاتر لە لایێکەوە هونەر بەرەوپێشی بردبێ.. مەبەست لە جوانترینیش ئەوەیە: بە کاریگەری و چێژێکی تایبەتەوە بکەوێتە بەر گوێکان و خۆشیبەخش بێت.. بەم دووانە تێکستی ئەدەبی سەرکەوتنی بۆ دەنووسرێ و لێرەشەوەیە تێکستی ئەدەبی توێژینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی بەدوای خۆیدا دێنێت.. ئەم تێکستەی (مەڵبەندەکەی مامە یارە)ی (لەتیف هەڵمەت)یش لەو تێکستانەیە، بۆیە خۆی کردە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەو هیوادارم سوودێك بگەیەنێ.

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوەتە سەر چوار تەوەرە.. تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ بنیاتی بیر و لێرەدا بیری سەنتەر و بنجی تێکستەکە دەستنیشانکراوەو ئەو لادان و هۆیانەی لادانیش تیشکیان خراوەتە سەر، کە شاعیریان ناچار کردووە بەسەر بیری بنجی و سەنتەری تێکستەکەیدا بیانهێنێ.

تەوەرەی دووەم تایبەتکراوە بە بنیاتی مۆسیقای دەرەوەی تێکستەکە و ڕۆڵ و جۆری کێش لە بنیاتی ئەم تێکستە ڕوونکراوەتەوە.

تەوەرەی سێیەم بە هەمان شێوە بۆ مۆسیقای دەرەوەی ئەم تێکستەو ڕۆڵ و جۆری سەروا لە بنیاتی ئەم تێکستەدا دەرخراوە.

تەوەرەی چوارەم تایبەتە بە بنیاتی مۆسیقای ناوەوەی تێکستەکەو لێرەدا لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی دووبارەی دەنگی و وشەیی و لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو هونەرانەی جوانکاری ـ کە مۆسیقای ناوەوەی هۆنراوە پێکدێنن ـ هەندێ لایەنی جوانی دەربڕینی تێکستەکە شیکار کراوە.

تەوەرەی پێنجەمیش تایبەتکراوە بۆ بنیاتی بەلاغەتی تێکستەکە، لایەنی واتاناسی لایەنی ڕوونبێژی تێکستەکە دەرخراون، هەرچی لایەنی جوانکارییە ئەو لە تەوەرەکانی پێشوو: (سەروا) و (مۆسیقای ناوەوە)، تیشکی دەخرێتەسەر، بۆیە لەم تەوەرەیە دووبارە ناکرێتەوە.

دوا بە دوای ئەمانە توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆتایی و گرنگترین ئەنجامەکانی لە (٧) خاڵ کورتکراوەتەوە، ئینجا لیستی پەڕاوێز و لیستی سەرچاوەکانیشی بە دوای یەکتریدا ڕیزکراون، جگە لەمانەش دوو پوختەی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە پاشبەندی توێژنەوەکە.. بەو هیوایەی خزمەتێکی بە بواری لێکۆلینەوەی زانستی و کتێبخانەی ڕەخنەی کوردی بکات.

**تەوەرەی یەکەم: بنیاتی بیر**

هەموو تێکستێك دەبێ بیرێکی سەنتەری هەبێ و بۆ ئەو دامەزرابێ، بەوە یەکیەتی بابەت پارێزراو دەبێ و بیرۆکە بە باشی دەگات، ئیدی هەر لادانێك لە بیری بنجی بە کەموکوڕی بۆ تێکستەکە دەشکێتەوە، ئەوە چونکە شیعر یەکێتی بابەتی هەیە، مەبەست لە یەکێتی بابەت: ((ئەو پەیوەندییە بە یەك پابەندەی دێڕە شیعرێکە لەگەڵ یەکێکی تر، لە ناو یەك هۆنراوەدا، بە شێوەیەك ئەگەر یەك لە بەشەکانی بڕان، هۆنراوەکە بە تەواوی دەفەوتێت))[١]، ئەمە چونکە یەکێتی بابەت ((سەنتەری گرنگیپێدانی دەق و بابەتی سەرەکی دەقە))[٢]، جگە لەمەش ((پڕەنسیپی ناسنامە و پڕەنسیپی بیر و پڕەنسیپی ئەنتۆلۆژیاشە، گوزارشت لە ناسنامەی ـ شاعیر ـ لەگەڵ خودی خۆی دەکات))[٣].

هەرچی شیعریشە، ئەویش ئەو کایەیە، کە پەیامی تێوە دەگەیەنرێ، ((دەنگدانەوەی کاریگەری واقیعی ژیانەو بۆچوونی مرۆڤە بەرامبەر بەو کاریگەرییە)).[٤]

ئەم تێکستەی لێرەدا لێی دەکۆڵینەوە، تێکستی (خۆشم دەوێ هەرچی شارە)یە، شاعیر بە ئاشکرا لە پەڕەگرافی یەکەمی شیعرەکە، دەڵێ:

خۆشم دەوێ هەرچی شارە

بەڵام شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە

لە دڵمدا لە هەموویان زیاتر دیارە

لێرەدا شاعیر بە ئاشکرا جەخت لەسەر خۆشەویستی خۆی بۆ شاری سلێمانی دەکاتەوە، کە بە کینایەت لە جیاتی ئەو ناوە (شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە)ی بەکارهێناوە، ئەوەش مافی شاعیرە، زۆر بە جوانیش تەوزیفی کردووە، ئەوەتا وەکو هەستێکی ئینسانی درووست، سەرەتا خۆشەویستی خۆی بۆ هەموو شارەکان دەربڕیوە، لە پاشان بە تایبەت لەسەر سلێمانی کورتبۆتەوە، کە لانەی ژیان و بیرەوەری و داهێنانەکانی خۆیەتی، ئەوە جوامێرییەکی جوانەو جێی خۆیەتی، هەموو شاعیرێك شتێکی تایبەتی بۆ شارەکەی خۆی بنووسێ، با

ئیدی شاری تیا لەدایکبوونیش نەبێ، مادام شاری تیا ژیان و داهێنان بێ، بێگومان باڵ بەسەر خەیاڵ و دەروونیدا دەکێشێ، لەبەرئەوەشە گوتوویانە: ((شیعر زمانی دەروونە)).[٥]

لە کۆپلەی سێیەمیشدا، شاعیر دیسان هاتۆتەوە سەر ئاوی سیروان، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە لای ئەو: خۆشترین ئاوە!! (سیروان)یش دەکەوێتە سنووری کارگێری سلێمانی، هەر جەخت کردنەوەیە لەسەر خۆشەویستی خۆی بۆ سلێمانی، وەکو بناغەی بیری تێکستەکەی بۆ ئەو مەبەستە دامەزراندبوو.. بۆیە لێرەدا زۆر بە ئاسایی دەنووسێ:

ئاوی هەموو کانی و کارێزێ ڕەوانە

بەڵام لای من خۆشترین ئاو

ئاوە ڕوونەکەی سیروانە

ئەوەش خزمەت بە بیری سەنتەری شیعرەکە دەکات، ڕاستە سیروان لە سەنتەری سلێمانی نییە، بەڵام لە سنووری کارگێڕی سلێمانییە، ئیدی خەیاڵ شاعیر بۆ ئەوێش دەبات، ئەوەش بۆ شیعر ئاساییە، چونکە: ((بینینی شاعیر هەر بە تەنیا لەسەر کردەی هەستی کورتنابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ توانای خەیاڵدا درێژدەبێتەوە، کە دوو شت لە ڕێگەی هێزی خەیاڵەوە پێکەوە کۆدەکاتەوە))[٦]، لێرەشدا شاعیر وای کردووەو پێکەوەبەستانەکەی سیروان و سلێمانی، یەکێتییەکی خەیاڵییەو جوانییەکی ئەدەبی درووستکردووە.

مادام لەم کۆپلانەدا دەرکەوت، کە سلێمانی لە لای شاعیر لە هەموو شارەکانی کوردستان و دونیاش خۆشەویسترە، کەوابێ دەبێ لە هەموو کۆپلەکانی دیکەش هەر جەخت لەسەر زەقکردنەوەی ئەو شت و شوێنانە بکاتەوە، کە هی سلێمانین، چونکە سلێمانی بیری سەنتەرە لەو تێکستەدا، بەڵام شاعیر ئەوەی بۆ ناکرێ و بە ناچاری هەندێ شتی تریش دێنێتە نێو باسەکەی، کە بەمە بیری سونتەر و ستراتیژی تێکستەکە بەجێدێڵێ و فراوانتر لەوەی مەبەستی بوو، شتی تر دێنێ و دەنووسێ، ئەوەش لەگەڵ مەبەستی سەرەکی و بنجی شاعیر یەکناگرێتەوەو لادانێکی ناچارییە بەسەر بیری خۆی و هۆنراوەکەیدا دەچەسپێ.. بۆ نمونە لە کۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا نووسیویەتی:

هەموو کێوێکی بەرز جوانە

بەڵام زەریترین لوتکە

لەلای من هەر گۆیژەو هەیبەت سوڵتانە

لەم کۆپلەیەدا شاعیر دەبوو، کە دێتە سەر باسی زەریترین لوتکە لە لای خۆی، تیشك بخاتە سەر لوتکە بەرزەکانی کێوە بەناوبانگەکانی سلێمانی، کەچی ئەوەی لە بۆ مسۆگەر نەبووەو ناچار بووە (هەیبەت سوڵتان)یش بخاتە ڕیزی ئەو زەریترین لوتکانەی خۆی، کە لە ڕاستیدا لوتکەی (هەیبەت سوڵتان) دەکەوێتە ناوچەی کۆیەی سەر بە هەولێر و لە ڕووی کارگێڕی و کۆمەڵایەتیشەوە چ پەیوەندییەکی بە سلێمانییەوە نییە!!

ئەگەر لە هۆی ئەو خۆسەپاندنەی لوتکەی (هەیبەت سوڵتان)یش لەم تێکستەی شاعیر و لەم شوێنەی تێکستەکەیدا بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە: هۆیەکە (کێش) و (سەروا)ی هۆنراوەکەیە، چونکە بە تەنیا بە لوتکەی (گۆیژە) وازی بێنابووایە، نە کێش و نە سەروای کۆپلەکەشی درووست نەدەبوون، دیارە نەیتوانیوە ناوی لوتکەیەکی دیکەش لە چیاکانی سلێمانی بێنێ، کە کێش و سەروای ئەو کۆپلەیەی وەکو وشەی (هەیبەت سوڵتان) بە جوانی بە هۆیانەوە درووست بکات، چونکە ((پەیڤێن دهێنە هەلبژارتن و ڕێزکرن... لە بن یاسایێن

کێشناسیڤەنە))[٧]، لەبەر ئەوە شاعیر ناچار بوو (هەیبەت سوڵتان)یشی خستە نێو ناوان و بەوەش لە بیری سەنتەری تێکستەکە دوورکەوتەوە، چونکە ((تێکست پەیامێکی زمانییە، ئەدیب بۆ گەیاندنی ئەزموونە شیعرییەکەی، پەنای بۆ دەبات))[٨]، زمانیش یاساو دەستوری خۆی هەیە، ئیدی بۆ ئەوەی ڕستەو دەربڕینەکانی بە شێوەیەکی هەندەسی بکەونە بەر گوێ، شاعیر ناچار دەبێت، گەڵێ وشە بۆ ڕێکخستنی کێش و سەروای دێڕەکانی بێنێتە ناو، ئەگەر ئەو وشانەش هەموویان لەگەڵ بیری گشتی تێکستەکە یەکنەگرنەوەو یەك شت نەبن.

هەرچی کۆپلەی چوارەمی ئەو تێکستەیە، شاعیر ئەمجارە خراپتر لە بیری بنجی تێکستەکەی دوورکەوتۆتەوە، چونکە هەستی کردووە سلێمانی جۆرێ لە گۆرانی تایبەتی نییە، کە بەلای ئەو زۆر خۆش بێتن بۆیە هاتووە بە ناچاری گوتوویەتی: خۆشترین گۆرانی لای من هۆڕەو لاوك و خەیرانە!! کە هۆڕە هی گەرمیان و لاوك هی بادینان و حەیران هی مەهاباد و هەولێرە، واتە: ئەوانە هیچیان هی سلێمانی نینە، ئەدی بۆچی شاعیر بەو شێوەیە پەسندی کردن؟! هۆیەکە دەشێ بیری بێ، چونکە ئەمانە هەناسەی مۆسیقی نەتەوەیینەو لە ناوەخۆی کوردستاندا دروستبوون، کاریگەری مۆسیقی و شێوازی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی چێژکوژیان بەسەرەوە نییە، خۆماڵینەو سروشتینە.. لە لایەکی دیشەوە دیسان دەشێ هۆی جەختکردنەوەی ئەم جۆرانەی گۆرانی لەم کۆپلەیە، کێش و سەروا بێ، چونکە ئەگەر ئەوانە نەبوونایە، نە کێش و نە سەرواش بۆ ئەو کۆپلەیە درووست نەدەبوون.. بۆیە وەهای نووسیوە:

هەموو گۆرانییەکی خۆش  
پلوسکی بزۆزی گیانە  
بەڵام لای من بەتامترین گۆرانی هەر  
هۆڕەو لاوك و حەیرانە

ئەوەی پشتگیری ئەو شیکارەی ئێمەش دەکات ئەوەیە، هەر کاتێك شاعیر وشەی لێ نەبڕێ و کێش و سەروای بە ڕەنگ و ڕەمز و پەیف و شوێن و باسەکانی سلێمانی بۆ کۆپلەکانی تێکستەکەی بە ئاسانی بۆ درووست بێ، یەکسەر دێتەوە سەر دەربڕینی خۆشەویستییەکەی خۆی، ئەوەی لە سەرەتای تێکستەکە بە ڕوونی سەرنجمانی بۆ ڕاکێشا، کە شاری سلێمانییەو دیسانەوە دێتەوە سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ سلێمانی دووبارە دەکاتەوە، ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بەرهەم و ژیار و شارستانی و جوانییەکانیان لەبیرە خۆی دەباتەوە، وەکو ئەمەی لە کۆپلەی سێیەمیش کردو سەرەنجام لە دوایین کۆپڵەیشی، کە کۆپڵەی پێنجەمە هەر وەها دەکات.. ئەوەتا دەنووسێت:

ئەی شارەکەی مامەیارە  
ئەمە دەسمە لە ملتایە  
دەسم و ملت لە یەکتری ناترازێنن  
تەوراسی هەرچی زۆردارە...

دەبینین شاعیر دەستی لە ملی سلێمانی دەکات و عیشق و ئەڤینی لەگەڵ دەگۆڕێتەوەو بەرگری لەوە دەکات، کە هەموو زۆردارو ستەمکارانی دونیاش ناتوانن خۆی و سلێمانی لە یەکتری جیابکەنەوە، وەکو ئەوەی بڵێی

کوردستان لە سلێمانیدا دەبینێتەوەو ژیان هەر لە سلێمانیدا بە بایەخ دەبینێ، ئەگەریش ناچار بوو، ئەوا شوێن و شتەکانی دیکەی کوردستانیش قەی نا، دەشێ ئەو بۆشاییانەی بۆ پڕ بکەنەوە، کە لە سلێمانی دەستی ناکەوێت.

**تەوەرەی دووەم: بنیاتی (کێش)**

کێش لە پاڵ سەروا دوو بنەڕەتی گرنگی دروستکردنی شیعرن، چونکە شیعر وەکو وێنەیەکی زمانی ((تەنیا بە بیرەکەیەوەی نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەوەشەوە چۆن ئاوازە دەداتەوەو بونیادی فۆنەتیکی چۆنە))[٩]، کەواتە ((کێش و ئاوازی شیعر ڕەگەزێکی گرنگی شیعر پێکدێنێ))[١٠]، ئەمە لەبەر گرنگی دەربڕین و ئاخاوتنە، کە بە شێوەیەکی گشتی بنیاتێکی هەندەسییان هەیە، بۆیە نەوەك هەر تەنها لە شیعر، بەڵکو تەنانەت لە هەموو گوتراوێکی غەیری شیعریش کێش بوونێکی سروشتی هەیە، چونکە شەپۆڵە دەنگییەکان بە یەکسانی لە مێشك دێنە دەر و بە شێوەیەکی هەندەسی لە بەرامبەر بیرەکاندا بۆ پێشکەشکردنی واتا خۆ پێشکەش دەکەن، پارێزگاری لەو شەپۆڵە هەندەسییانەی دەنگ، کە کێشی شیعرەکە ڕێك دەخەن، زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە ((زمانی هونەری بۆ گوێگرە، بۆیە هەر وشەیەك لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەبێ بە شێوەیەکی مۆسیقایی دەربڕدرابێ، کێش و ڕیتمێکی وای هەبێ، کە پێداویستی بونیاتی مۆسیقی دەربڕینەکەیە))[١١]، بۆیەشە ((ئەو بیسەرەی گوێبیستی دەربڕینەکانی زمان دەبێ، ڕادەی کاریگەربوونی ... یەکسان دەبێ بە زمانی قسەکەر)).[١٢]

لە ڕووی (کێش)ەوە ئەم شیعرە ئەو تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

١. ئەم شیعرە شیعرێکی ئازادە، بەڵام تەفعیلەییە، هەمیشە دێڕەکانی بەسەر چەند پێ (تەفعیلە)یەك دابەشبوونە، مەبەستمان لە دێڕ.. دێڕی شیعری ئازادە، نەوەك دێڕی شیعری کلاسیك ـ کە دوو نیوە دێڕە ـ ، چونکە ((لە شیعری ئازادی چەندێتی و چۆنیەتیدا، واتە: لە شیعری عەروزی و ناعەروزیدا، دێڕە شیعر ئەوەندەیە، کە لە یەك خەت دەنووسرێ، تەنیا یەك لەتە))[١٣].. ئەوەتا تەفعیلەی دێڕەکانی ئەم تێکستە وەهانە:

خۆ/ شم / دە / وێ ـ هەر / چی / شا / رە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

بە / ڵام / شو / رای ـ مەڵ / بەن / دە / کەی ـ ما / مە / یا / رە... پێکهاتووە لە (سێ پێی چوار برگەیی)

لە / د / ڵم / دا ـ لە / هە / موو / یان ـ زیا / تر / دیا / رە... پێکهاتووە لە (سێ پێی چوار برگەیی)

هە / موو / کێ / وێ ـ کی / بەرز / جوا / نە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

بە / ڵام / زە / ری ـ ت / رین / لوت / کە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

لە / لای / من / هەر ـ گۆی / ژە / وو / هەی ـ بەت / سوڵ / تا / نە... پێکهاتووە لە (سێ پێی چوار برگەیی)

ئا / وی / هە / موو ـ کا / نی و / کا / رێ ـ زێ / ڕە / وا / نە... پێکهاتووە لە (سێ پێی چوار برگەیی)

بە / ڵام / لای / من ـ خۆش / ت / رین / ئاو... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

ئا / وی / هە / موو ـ کا / نی و / کا / رێ ـ زێ / ڕە / وا / نە... پێکهاتووە لە (سێ پێی چوار برگەیی)

ئا / وە / ڕوو / نە ـ کەی / سیر / وا / نە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

هە / موو / گۆ / را ـ نی / یە / کی / خۆش... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

پ / لوس / کی / ب ـ زۆ / زی / گی / انە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

بە / ڵام / لای / من ـ بە / تام / ت / رین ـ گۆ / را / نی / هەر... پێکهاتووە لە (سێ پێی چوار برگەیی)

هۆ / ڕە / وو / لاو ـ ك و / حەی / را / نە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

ئەی / شا / رە / کەی ـ ما / مە / یا / رە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

ئە / مە / دەس / مە ـ لە / مل / تا / یە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

دەس / م و / م / لت ـ لە / یەك / ت / ری ـ نات / را / زێ / نن... پێکهاتووە لە (سێ پێی چوار برگەیی)

تەو / را / سی / هەر ـ چی / زۆر / دا / رە... پێکهاتووە لە (دوو پێی چوار برگەیی)

٢. دێڕەکانی ئەم تێکستە (١٧) دێڕن.. (یانزە)یان پێکهاتوونە لە (دوو پێی چوار برگەیی)، (شەش)یشیان پێکهاتوونە لە (سێ پێی چوار برگەیی).

٣. گەلێ جار جۆرێك لە (تەدویر) بەسەر هەندێ وشەی نێو دێڕەکانی ئەو تێکستەدا درووستبووە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی وشەکە کراوەتە دوو کەرت، کەرتی یەکەمی بووەتە تەواوکەری پێ (تەفعیلە)کەی پێشوو و کەرتی دووەمیشی بووەتە سەرەتای پێ (تەفعیلە)کەی پاشتر، ئەمەش وەکو تایبەتمەندی شیعری ئازادە، دەنا لە شیعری ستوونی کلاسیکی ((تەدویر لەتکردنی وشەیەکە لە نێوان نیوە بەیتی یەکەم (صەدر) و نیوە بەیتی دووەم (عەجز)ەوە))[١٤]، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەصڵ لە تەدویر پڕکردنەوەی پێویستی کێشی شیعرە، ((وەك دیاردەیەکی خاوەن ئیقاع ئاوازێکی مۆسیقایی دێنێتە کایەوە))[١٥]، کێشی شیعری ئازادیش جیایە لە کێشی شیعری کلاسیك، هەموو دێڕەکانی بە تەنیا یەك هێڵی ئاسۆیی کورت، یان درێژن و لەگەڵ دێڕەکەی پێشە خۆی و دوای خۆی سەربەخۆنە، بۆیە لە شیعری ئازاددا ئەو وشەیەی دیاردەی تەدویر درووست دەکات، دەکەوێتە نێوان پێیە پێکهێنەرەکانی دێڕەکانی شیعری ئازاد و ئەوان پێکەوە دەبەستێتەوە، بەم پێیەش دیاردەی تەدویر لەم تێکستەدا لە وشەکانی (کێویێکی) و (زەریترین) و (کاریزێ) و (ئاوەڕوونەکەی) و (گۆرانییەکی خۆش) و (بزۆزی) و (لاوك) و (هەرچی)دا دەبینین، کە بەم شێوەیەی خوارەوە هاتوونەو ئەوانەش (هەشت) وشەنە.. ئەوەتا دەبینین:

ـ هە / موو / کێ / وێ ـ کی / بەرز / جوا / نە...

وشەی (کێویێکی) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەکانی (کێ).. (وێ)ی بوونەتە تەواوکەری تەفعیلەی پێشوو و برگەی (کی)ی بووەتە سەرەتای تەفعیلەی دواتر.

ـ بە / ڵام / زە / ری ـ ت / رین / لوت / کە...

وشەی (زەریترین) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەکانی (زە).. (ری)ی بووەتە تەواوکەری تەفعیلەی پێشوو و برگەکانی (ت).. (رین)ی بوونەتە سەرەتای تەفعیلەی دواتر.

ـ ئا / وی / هە / موو ـ کا / نی و / کا / رێ ـ زێ / ڕە / وا / نە...

وشەی (کاریزێ) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەکانی (کا) و (رێ)ی بوونەتە تەواوکەری تەفعیلەی پێشوو و برگەی (زێ) بووەتە سەرەتای تەفعیلەی دواتر.

ـ ئا / وە / ڕوو / نە ـ کەی / سیر / وا / نە...

وشەی (ئاوەڕوونەکەی) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەی (کەی) لە چوار برگەکانی ئەو وشەیە کراوەتەوەو کراوەتە سەرەتاو بناغەی تەفعیلەی دواتر.

ـ هە / موو / گۆ / را ـ نی / یە / کی / خۆش...

وشەی (گۆرانییەکی خۆش) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەکانی (گۆ) و (ران)ی بوونەتە تەواوکەری تەفعیلەی پێشوو و برگەکانی (ی) .. (یە) .. (کی) .. (خۆش)یش بووەتە پێکهێنەری تەفعیلەکەی دواتر.

ـ پ / لوس / کی / ب ـ زۆ / زی / گی / انە...

وشەی (بزۆزی) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەی (ب)ی بووەتە تەواوکەری تەفعیلەی پێشوو و برگەکانی (زۆ) .. (زی) بوونەتە سەرەتای تەفعیلەی دواتر.

ـ هۆ / ڕە / وو / لاو ـ ك و / حەی / را / نە...

وشەی (لاوك) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەی (لا)ی بووەتە تەواوکەری تەفعیلەی پێشوو و برگەی (ك)ی بووەتە سەرەتای تەفعیلەی دواتر.

ـ تەو / را / سی / هەر ـ چی / زۆر / دا / ڕە...

وشەی (هەرچی) کەرتکراوەو تەدویرکراوە، برگەی (هەر)ی بووەتە تەواوکەری تەفعیلەی پێشوو و برگەی (چی)ی بووەتە سەرەتای تەفعیلەی دواتر.

**تەوەرەی سێیەم: بنیاتی سەروا**

(سەروا) زاراوەیێکە بەرامبەرە بە زاراوەی (قافیە)ی عەرەبی، عەرەب دەڵێن: ((عەروزناسەکان بۆیە ئەو ناوەیان لێ ناوە، چونکە دەکەوێتە کۆتایی ئاخاوتن))[١٦]، واتە: ((سەروا هەماهەنگییەکی دەنگییە، لە کۆتایی دێڕەکان، یان نیوە دێڕەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەم دووبارەبوونەوەیە پایەیەکی گرنگی ئیقاعی شیعرییە، وەکو فاصیلەی مۆسیقا وەهایە، کە دووبارە دەبێتەوە، کار لە وەرگر دەکات و هەستێکی قووڵی بەرامبەر بە ئیقاعی شیعر بۆ درووست دەکات)).[١٧]

لای کوردیش وشەی سەروا دیارە بە هەمان واتا بەکارهاتۆتەوە، واتە ئەو شتەی دەکەوێتە بەشی کۆتایی و لە سەرووی شتەکان دەبینرێ، زانایانی کوردیش هەر وەکو زانایانی عەرەب پێیان وایە: وەکو کلکی ئەسپ کە لە کۆتایی پاشەوەی ئەسپەکە هاتووەو هاوسەنگی و لە هەمان کاتدا جوانیشی بۆ کۆتایی و پاشەوەی ئەسپەکە درووستکردووە، بە هەمان شێوە ئەو پیت و وشەیەش، کە دوا پیتی یەکسانی نێوان هەردوو وشەی کۆتایی صەدرِ و عەجزی دێڕەکانە، ئەویش سەروایەو جوانی هاوسەنگی بۆ کۆتایی بەیتە شیعرییەکان درووست دەکات، جا ئەگەر گورینگ و شتی دیکەی جوانکاری بۆ کلکی ئەسپەکە زیاد بکرێن، خۆ ئەوان بەشێکی بنجی نینە لە کلکەکە، کلکەکە بەبێ بوونی ئەوانیش ئەرکی خۆی ئەدا دەکرد، بە هەمان شێوە ئەگەر هەر زیادییەکی پیتیش خرایە دوای پیتی سەروا (ڕەوی)، ئەوا دەبتە پاش سەرواو بۆ جوانی زیاترە، نەوەکو سەروای بنجی بن و بەبێ ئەوان سەروای بەیتەکە نەیتوانی بێ ئەرکی خۆی پێشکەش بکات.

خۆ ئەگەر پیتی هاوشێوەش لە پێش پیتی ڕەوی لە هەردوو وشەکانی سەروا لە کۆتایی هەردوو نیوەدێڕەکانی بەیتەکە هاتبوون، ئەوە کەواتە پێش ڕەویش هەیە، کە ئەوەش جوانی دیکە بۆ شیعرەکە درووست دەکات، وا دەکات پیتی ڕەوییەکە باشتر و ئاسانتر دابنیشێ و جوانتر دەربکەوێ و چاکتر ئەدای دەنگی مۆسیقی خۆی بکات.

ئەم شیعرەی ئێرە شیعرێکی سەروادارە، لە پێنج کۆپلە پێکهاتووە، سەروای یەکە یەکەیان بە ڕوونی دیارە، سەرەتا شێوەی سەرواکەی دەستنیشان دەکەین، لە پاشان تایبەتمەندی سەروای ئەم تێکستە دەخەینە ڕوو:

خۆشم دەوێ هەرچی شارە

بەڵام شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە

لە دڵمدا لە هەموویان زیاتر دیارە

لەم کۆپلەی یەکەمەدا، وشەکانی (شارە) و (مامەیارە) و (دیارە) وشەکانی کۆتایی دێڕەکانن، بۆیە بوونەتە وشەی سەروا، (ر)ی پێش کۆتاییان (ڕەوی)یەو (ە)ی پاش ئەو ڕەوییە (پاش سەروایە).. پیتی (ا)ی پێش پیتی (ر)ی ڕەوییش، بوونی پێویستەیەو وا دەکات ڕەوییەکە جوانتر بچەسپێت.

دیارە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە: بوونی پێویستە((بریتییە لە وەکیەکی پیتەکانی پێش پیتی ڕەوی لە دێڕەکانی شیعردا))[١٨]، ئەمەش زاراوەی (ڕەوانبێژی)یەو هەمان زاراوەی (پێش ڕەوی)یە، کە لە (زانستی سەروا)دا بە فراوانی باسی هەیە.

هەموو کێوێکی بەرز جوانە

بەڵام زەریترین لوتکە

لەلای من هەر گۆیژەو هەیبەت سوڵتانە

لەم کۆپلەی دووەمەدا، وشەکانی (جوانە) و (سوڵتانە) وشەکانی کۆتایی دێڕەکانی یەکەم و سێیەمینە، بۆیە بوونەتە وشەی سەروا، پیتی (ن)ی پێش کۆتاییان پیتی (ڕەوی)یەو (ە)ی پاش ئەو ڕەوییە (پاش ڕەوییە).

پیتی (ا)ی پێش پیتی (ن)ی ڕەوییش، بوونی پێویستەیەو وا دەکات پیتی ڕەوییەکە جوانتر بچەسپێت.

ئاوی هەموو کانی و کارێزێ ڕەوانە

بەڵام لای من خۆشترین ئاو

ئاوە ڕوونەکەی سیروانە

ئەم کۆپلەی سێیەمە، وشەکانی (ڕەوانە) و (سیروانە) وشەکانی کۆتایی دێڕەکانی یەکەم و سێیەمینە، بۆیە بوونەتە وشەی سەروا، پیتی (ن)ی پێش کۆتاییان پیتی (ڕەوی)یەو (ە)ی پاش ئەو ڕەوییە (پاش ڕەوییە).

پیتەکانی (و)و(ا)ی پێش پیتی (ن)ی ڕەوییش، بوونی پێویستەیەو وا دەکات پیتی ڕەوییەکە جوانتر بچەسپێت.

هەموو گۆرانییەکی خۆش

پلوسکی بزۆزی گیانە

بەڵام لای من بەتامترین گۆرانی هەر

هۆڕەو لاوک و حەیرانە

لەم کۆپلەی چوارەمەدا، دەربڕینەکە وەکو بەیتێکی درێژی لە نیوەی نیوەدێڕەکان کەرتکراو هاتوونە، وشەکانی (گیانە) و (حەیرانە) وشەکانی کۆتایی دێڕەکانی سێیەم و چوارەم، یان کۆتایی نیوە دێڕەکانی یەکەم و دووەمینە، بۆیە بوونەتە وشەی سەروا، پیتی (ن)ی پێش کۆتاییان پیتی (ڕەوی)یەو پیتی (ە)ی پاش ئەو ڕەوییە (پاش ڕەوییە).

پیتی (ا)ی پێش پیتی (ن)ی ڕەوییش، بوونی پێویستەیەو وا دەکات پیتی ڕەوییەکە جوانتر بچەسپێت.

ئەی شارەکەی مامەیارە

ئەمە دەسمە لە ملتایە

دەسم و ملت لە یەکتری ناترازێنن

تەوراسی هەرچی زۆردارە...

لەم کۆپلەی پێنجەمەدا، دەربڕین بە شێوەیەکی دیکە دابەشکراوە، وشەکانی سەروا بریتینە لە وشەکانی (مامەیارە) و (زۆردارە)، ئەمانە وشەکانی کۆتایی دێڕەکانی یەکەم و چوارەمینە، واتە جیاوازن لە کۆپلەی پێشوو، کە وشەکانی سەروای کەوتبووە کۆتایی دێڕەکانی دووەم و چوارەمی، ئەوەش جۆرێکی دیکەی لە مۆسیقا لە کۆپلەی پێشوو بۆ ئەو کۆپلەیە درووستکردووە.

لەم کۆپلەیەدا، پیتی (ر)ی پێش کۆتا پیتی وشەکانی سەروا، پیتی (ڕەوی)یەو (ە)ی پاش ئەو ڕەوییە (پاش ڕەوییە).

پیتی (ا)ی پێش پیتی (ر)ی ڕەوییش، بوونی پێویستەیەو وا دەکات پیتی ڕەوییەکە جوانتر بچەسپێت.

بە کورتی:

دوای خستنەڕووی سەروای تێکستەکە، ئێستاکە گرنگترین سیماو تایبەتمەندییەکانی سەروا لەو تێکستە لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١. سەروای ئەم تێکستە بەسەر کۆپلەکانیدا دابەشکراوە، هەموو کۆپلەیەکی ئەو تێکستە سەروای تایبەتی خۆی هەیەو هیچ کۆپلەیەکی نییە بەبێ سەروا.

٢. سەروای ئەم تێکستە سەروای ئازادەو شاعیر خۆی بەوە نەبەستاوەتەوە لە هەموو کۆپلەکاندا سەروا هەر بە یەك شێوەو بە یەك پیتی ڕەوی درووست بکات، بەڵکو بە ئازادی و وەکو پێویستی بیر و دەربڕین، سەروای بۆ کۆپلەکانی درووستکردووە.

٣ـ زۆرترین سەروا بە پیتی (ن) درووستکراوە، کە سەروای (٣) کۆپلەیە لە کۆی (٥) کۆپلە.. کەمترین سەرواش بە پیتی (ر) درووستکراوە، کە سەروای (٢) کۆپلەیە لە کۆی (٥) کۆپلە.

٤ـ هەموو وشەکانی سەروا، دوای پیتی (ڕەوی)یان پیتی پاش سەروایان (ە)ی بزوێنە، هەموو کۆپلەکانیش پیتی پێش ڕەوی، یانیش بوونی پێویستەیان پیتی (ا)یە، تەنیا لە یەك کۆپلەدا نەبێ، کە کۆپلەی (سێیەم)ە، لەودا پێش ڕەوی بە دوو پیت درووستکراون، کە پیتەکانی (و) و (ا)نە، کەوابێ: لێرەشدا پیتی (ا) هەر لە پێش پیتی ڕەویدا هاتووە.

٥ـ پێش ڕەوی، یان پیتەکانی درووستکەری بوونی پێویستە لە هەموو وشەکانی سەروای ئەم تێکستە، وەکو گوتمان تەنها یەك پیتی (ا)یە، تەنیا لە کۆپلەی سێیەم نەبێ، کە پیتەکانی (و) و (ا)یە، ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە بوونی پێویستەی سەروای ئەم تێکستە زۆر بەهێز نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسانییەکی بۆ دەرکەوتنی سەرواکە درووستکردووە، چونکە پێش ڕەوی و پاش ڕەوی پیتە ڕەوییەکان پیتی بزوێنن و پیتی ڕەویش هەمیشە، یان (ن) و یان (ر)ە، کە دوو پیتی دەنگداری سەری زمانن و جوان دەردەکەون.

٦- هەموو پیتە ڕەوییەکانی وشە سەرواکانی ئەو تێکستە لە هەموو کۆپلەکانیدا، بە پیتی پێش ڕەوی و پیتی پاش ڕەوی بەستراونەتەوە، بەو هۆیەوەش پیتی ڕەوی وشەکانی سەروای ئەم تێکستە زۆر ئاسان و جوان لە شوێنی خۆیان جێگیر بوونە، بەهێز دەرکەوتوونەو مۆسیقایەکی خۆشیان بەرهەمهێناوە.

٧- سەروای هیچ یەکە لە کۆپلەکانی ئەم تێکستە سەروای ناچاری و بەزۆر پێکەوەنراو نییە، بەڵکو هەموویان زۆر بە ئاسایی و زۆر بە دامەزراوی هاتوونە، ئەوەش بنیاتێکی مۆسیقی و ڕووالەتی جوان و دڵگیری بۆ ئەو تێکستە درووستکردووە.

**تەوەرەی چوارەم: بنیاتی مۆسیقای ناوەوە**

مۆسیقای ناوەوە یەکێکی دیکەیە لەو لایەنە هونەرییانەی بە زیاتر لە دیاردەیەکی بەلاغی لە دووبارەبوونەوەی دەنگی، یان وشەیی، لە ناوەوە کێشی شیعرەکە خۆش دەکات و جۆرە ڕیتم و ئاوازێکی تایبەت بۆ شیعرەکە درووست دەکات، بەو هۆیەیە دەڵێن: ((هیچ شاعیرێك کێشی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام مۆسیقای تایبەت بە خۆی هەیە))[١٩]، ئەم شیعرە مۆسیقای ناوەوەی بەم هونەرانەی خوارەوە پێکهاتوون:

خۆشم دەوێ هەرچی شارە

بەڵام شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە

لە دڵمدا لە هەموویان زیاتر دیارە

دەنگی (ش) دووبارەی دەنگیی درووستکردووە، بەشدارە لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

لە نێوان وشەکانی (شارە) و (یارە)دا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا هەیە، چونکە لە یەك پیت لە یەکتری جیاوازن، دەنا لە پیتەکانی تریان وەکو یەکن.[٢٠]

لە نێوان وشەکانی (یارە) و (دیارە)شدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد هەیە، چونکە وشەی دووەم بە تەنیا پیتێکی لە وشەی یەکەم زیاترە، دەنا لە ژمارەو ڕیزبوون و شێوەی پیتەکانی تریان، وەکو یەکن.[٢١]

(لە) وەکو ئامرازی پەیوەندی دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دڵم) و (هەموویان)دا گێڕدراوەتەوەو هونەری (گێڕانەوە)[٢٢]ی درووستکرددوە، ئەوەش دووبارەی وشەییەو مۆسیقای ناوەوەی خۆشکردووە.

هەموو کێوێکی بەرز جوانە

بەڵام زەریترین لوتکە

لەلای من هەر گۆیژەو هەیبەت سوڵتانە

دەنگی (ر) لە وشەکانی (هەر) و (زەر.. یترین)دا دووبارەی دەنگیی درووستکردووە، بەشدارە لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

غەیری ئەمە، ئەم کۆپلەیە هیچ هونەرێکی بەلاغی تیا نییە، لەوانەی مۆسیقای ناوەوە درووست دەکەن، مۆسیقای تەواوی ئەم کۆپلەیە لەسەر مۆسیقای دەرەوەی دامەزراوە، لە ناوەوە ‌چ مۆسیقایەکی نییە، خۆ ئەو دووبارە دەنگییەی پیتەکانی (ا) و (ن)ەش، کە هەیە ئەمە سەروایان درووستکردووە، کە سەروا مۆسیقای دەرەوە درووستدەکات، نەوەك مۆسیقای ناوەوە.

ئاوی هەموو کانی و کارێزێ ڕەوانە

بەڵام لای من خۆشترین ئاو

ئاوە ڕوونەکەی سیروانە

دەنگی (ك) دووبارەی دەنگیی درووستکردووە، بەشدارە لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

وشەی (ئاو) دووبارەی وشەیی درووستکردووە، بەشدارە لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

وشەی ئاو سێ جار لە پاڵ وشەکانی (هەموو) و (خۆشترین) و (سیروان)دا گێڕدراوەتەوەو هونەری (گێڕانەوە)یە، ئەوەش دووبارەی وشەییەو مۆسیقای ناوەوەی بەهێزتر کردووە.

هەموو گۆرانییەکی خۆش

پلوسکی بزۆزی گیانە

بەڵام لای من بەتامترین گۆرانی هەر

هۆڕەو لاوك و حەیرانە

دەنگی (ز) لە وشەی (بزۆز)دا دووبارەی دەنگیی درووستکردووە، بەشدارە لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

دەنگی (ت) لە وشەی (بەتامترین)دا دووبارەی دەنگیی درووستکردووە، بەشدارە لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

دەنگی (ه) لە وشەکانی (هەموو) و (هەر) و (هۆڕە)دا دووبارەی دەنگیی درووستکردووە، بەشدارە لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

وشەی گۆرانی دووجار لە پاڵ وشەکانی (هەموو) و (بەتامترین) گێڕدراوەتەوە، ئەوەش هونەری گێڕانەوەیە، مۆسیقای ناوەوەی ڕێکخستووە.

وشەکانی (هۆڕە) و (لاوك) و (حەیران) لەگەڵ یەکدا کۆکراونەتەوەو مۆسیقای ناوەوەیان تۆکمەو خۆش کردووە، ئەوەش هونەری (کۆکردنەوە)یە، کە ((بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شت، یان زیاتر لە ژێر فرمانێکدا))[٢٣]، کۆکردنەوەی سێیيە.

ئەی شارەکەی مامەیارە

ئەمە دەسمە لە ملتایە

دەسم و ملت لە یەکتری ناترازێنن

تەوراسی هەرچی زۆردارە

هەریەکە لە دەنگی (م) و (ت) و دەنگی (س) دووبارەی دەنگییان درووستکردووە، بەشدارن لە درووستکردنی مۆسیقای ناوەوە.

لە وشەی (دەسم)دا کورتبڕی بە لابردن هەیە، چونکە وشەکە (دەستم)ە، بەڵام شاعیر پیتی (ت)ەکەی لابردووە، بۆ ئەوەی شێوازی خوێندنەوەو مۆسیقای ناوەوەی ئاسانتر بێت.

لە نێوان وشەکانی (دەسم) و (ملت)دا هونەری (کۆکردنەوە) هەیە، کۆکردنەوەی دوويیە.

دوای ئەو شیکارە بۆ مۆسیقای ناوەوەو ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانەی مۆسیقای ناوەوەی ئەو شیعرەیان پێکهێناوە، ئەوانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت:

١. ئەو هونەرە بەلاغییانەی شاعیر مۆسیقای ناوەوەی ئەم تێکستەی پێ بەرهەمهێناوە، بریتینە لە هونەرەکانی (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا) یەك جار دەرکەوتووە.. (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد) یەك جار دەرکەوتووە.. (گێڕانەوە) دوو جار دەرکەوتووە، جارێ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (لە)یەو جارێك گێڕانەوەی (ناو)ە، هەردوو جاریش گێڕانەوەی دووپینە.. (کۆکردنەوە) دوو جار دەرکەوتووە، جارێك کۆکردنەوەی سێیی و جارەکەی تر کۆکردنەوەی دووییە.

٢. هونەرەکانی (پاتکردنەوە) و (هێنانەوە) و جۆرەکانی تری ڕەگەزدۆزی، وەکو: ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی، کە ڕۆڵی گرنگییان هەیە لە بنیاتنانی مۆسیقای ناوەوە، هیچ دەرکەوتنێکیان لەم تێکستەدا نییە.

٣. هەموو کۆپلەیەك مۆسیقای ناوەوەی بەهێز نییە، نمونەی ئەمە کۆپلەی دووەمە، کە هیچ هونەرێکی بەلاغی تیا نییە، مۆسیقای ناوەوەی بۆ درووستکردبێ، بە تەنیا بۆ دەرکەوتن و خۆش خوێنرانەوەی، ئەم کۆپلەیە پشتی بە مۆسیقای دەرەوەی بەستووە.

٤. دووبارەی دەنگی

## تەوەرەی پێنجەم: بنیاتی بەلاغەت

بەلاغەت سێ لایەنی واتاناسی (شێوازەکانی واتاو دەربڕین) و ڕوونبێژی (وێنە هونەرییەکانی لێکچوواندن و خوازەو خواستن و درکە) و جوانکاری (جوانکردن و ڕازاندنەوەی وشەو واتا) دەگرێتەوە[٢٤]، ئەم تێکستە لە هەر سێ لەم سێ ڕووانەدا ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

١. لە ڕووی واتاو شێوازی بەلاغییەوە، بەم شێوەیە:

لەم ڕووەوە شێوازی ئەم بەیتە شێوازی هەواڵییە، چونکە هەر هەموو ڕستەکانی هەواڵینە، هەواڵەکانیشی دە هەواڵن، پێنجیان هەواڵی درووست و پێنجیشیان هەواڵی خوازەیینە، ئەویش بەم شێوەیە:

- خۆشم دەوێ هەرچی شارە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش درووستە، چونکە خۆشەویستی خۆی، کە شتێکی تایبەتی نێو دڵی خۆیەتی، بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە پێشتر خوێنەر بە دڵنیاییەوە ئەو شتەی نەزانیوە.. ئەوەش وەکو گوتمان هەواڵی درووستە، چونکە زانیارییەکی نوێی گەیاندووە.[٢٥]

- بەڵام شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە
لە دڵمدا لە هەموویان زیاتر دیارە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش درووستە، چونکە خۆشەویستی خۆی، کە شتێکی تایبەتی نێو دڵی خۆیەتی، بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە پێشتر خوێنەر بە دڵنیاییەوە ئەو شتەی نەزانیوە.

- هەموو کێوێکی بەرز جوانە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش خوازەییە، چونکە شتێکی نوێ نییەو خوێنەر ئەوە دەزانێ، هەرکاتێکیش هەواڵ نوێ نەبوو، ئەوە کەواتە هەواڵی خوازەییە(٣٦)، لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە هاتووە، کە ئەو ڕاستییەی لە بارەی جوانی چیایەکان هەیە، بە بیرە خوێنەرانی بێنێتەوە.

- بەڵام زەریترین لوتکە

لەلای من هەر گۆیژەو هەیبەت سوڵتانە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش درووستە، چونکە خۆشەویستی خۆی، کە شتێکی تایبەتی نێو دڵی خۆیەتی، بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە پێشتر خوێنەر بە دڵنیاییەوە ئەو شتەی نەزانیوە.

- ئاوی هەموو کانی و کارێزێ ڕەوانە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش خوازەییە، چونکە شتێکی نوێ نییەو خوێنەر ئەوە دەزانێ، هەرکاتێکیش هەواڵ نوێ نەبوو، ئەوە کەواتە هەواڵی خوازەییە، لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە هاتووە، کە ئەو ڕاستییەی لە بارەی ئاوی کانییەکان هەیە، بە بیرە خوێنەرانی بێنێتەوە.

- بەڵام لای من خۆشترین ئاو

ئاوە ڕوونەکەی سیروانە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش درووستە، چونکە خۆشەویستی خۆی، کە شتێکی تایبەتی نێو دڵی خۆیەتی، بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە پێشتر خوێنەر بە دڵنیاییەوە ئەو شتەی نەزانیوە.. ئەوەش وەکو گوتمان هەواڵی درووستە، چونکە زانیارییەکی نوێی گەیاندووە.

- هەموو گۆرانییەکی خۆش

پلوسکی بزۆزی گیانە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش خوازەییە، چونکە شتێکی نوێ نییەو خوێنەر ئەوە دەزانێ، هەرکاتێکیش هەواڵ نوێ نەبوو، ئەوە کەواتە هەواڵی خوازەییە، لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە هاتووە، کە ئەو ڕاستییەی لە بارەی گۆرانییەکان هەیە، بە بیرە خوێنەرانی بێنێتەوە.

- بەڵام لای من بەتامترین گۆرانی هەر

هۆرەو لاوك و حەیرانە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش درووستە، چونکە خۆشەویستی خۆی، کە شتێکی تایبەتی نێو دڵی خۆیەتی، بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە پێشتر خوێنەر بە دڵنیاییەوە ئەو شتەی نەزانیوە.

ـ ئەی شارەکەی مامەیارە

ئەمە دەسمە لە ملتایە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش خوازەییە، چونکە ئاراستەی شار کراوە، بۆ پیشاندانی خۆشەویستی و هۆگری خۆیەتی بە شارەکە.

دەسم و ملت لە یەکتری ناترازێنن

تەوراسی هەرچی زۆردارە

شێوازی بەلاغەتی ئەم کۆپلەیە، شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکەش خوازەییە، چونکە لەلایێك ئاراستەی شار کراوە، کە هەواڵی درووست ئاراستەی شار ناکرێ، چونکە بێگیانە، لەولاوەش بۆ مەبەستی درووست نەهاتووە، بەڵکو بۆ مەبەستی تەحەددای دوژمنان هاتووە، چونکە شارەکە ملی نییە، شاعیر بەم شێوازەی دەیەوێ بڵێ: خۆڕاگر و بەرگریکارێکی بەهێزم لە تۆ ئەی شارەکەم سلێمانی.

٢. لە ڕووی جوانکارییەوە

زووتر لە بنیاتی (سەروا) و بنیاتی مۆسیقای ناوەوە تیشکمان خستۆتە سەر هونەرەکانی جوانکاری شیعرەکە، چونکە هونەری جوانکاری (بوونی پێویستە) لە (سەروا)دا دەردەکەوێ و مۆسیقای دەرەوە ئاسان و جوان دەکات، لەم شیعرەدا ٧ جار ئەم هونەرە بۆ ئاسانکردنی سەروا سوودی لێوەرگیراوە.

مۆسیقای ناوەوەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هونەرەکانی جوانکارییەوە هەیە، بۆیە لەوێ هونەرەکانی جوانکاری شیعرەکەمان دەستنیشان کرد، بریتیبوون لە (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جوداو ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد و گێڕانەوەو کۆکردنەوە)، بۆیەشە لێرەدا دووبارەیان ناکەینەوە.

٣. لە ڕووی ڕوونبێژییەوە

لەم ڕووەوە ئەم شیعرە ئەو هونەرانەی ڕوونبێژی تێدا هاتووە، کە هەموویان چوار هونەرن، ئەوانیش هونەری لێکچواندنی نائاشکراو درکەو خوازەو خواستنی درکاون.. بەم شێوەیە:

١. شێوازی زاڵی ئەم تێکستە شێوازی لێکچوواندنی نائاشرایە، کە لە چوار کۆپلەیەدا هاتووە، وەکو لە شیکاری شیعرەکە لەم تەوەرەیە دەیخەینە بەرچاو.

٢. یەك جار شێوازی درکەی تێدا هاتووە، ئەویش لەم دەستەواژەیەدا:

ـ شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە.. درکەیە لە مەوصوف، چونکە بەو سیفەتانەی گوتراوە، (شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە) کە دیارە بە تەنیا هی یەك شتن، ئەویش مەوصوفەکەیەو شاری سلێمانییە، شاعیر ئەو درکەیەی هێناوەو بە هۆیەوەی جێگەی شاری سلێمانی گرتۆتەوە، چونکەلەم جۆرە درکەیەدا ((سیفەتێك یان چەند سیفەتێك دەگوترێ، کە تەنیا لە یەك شتدا هەن، بەو شتانە دەگەینە ناسینی خاوەنی سیفەتەکان، کە مەوسوفە، یان زاتە، وەکو: نانەخۆری پێنج ئەنگوست، چلکی دەست، جێی جگەرە (مستێکی لە جێی جگەرەی دا)، هەموو مەتەڵەکانی کورد لەو جۆرەن)).[٢٧]

٣. یەك جار شێوازی خوازەی بە پەیوەندی ڕابردوویی دروستبووە:

ئەی شارەکەی مامەیارە.. لێرەدا شار دراوەتە پاڵ مامە یارە، بەڵام قەرینەی عەقڵی دەڵێ: مامە یارە خاوەنی شار نییە، ئەدی بۆچی شاعیر ئەو شێوازەی دروستکردووە، ئەوە چونکە مامە یارە لە ڕابردوودا یەکێ لە قارەمانانی هەڵکەوتووی ئەو شارە بووە، ئەویش کەرتێکە لە گشت ئەو خەڵکەی خاوەنی شارەکەیە، لەبەرئەوەیە بەم خوازەیە دەڵێین: خوازەی بە پەیوەندی کەرتی، چونکە لەم پەیوەندییەدا ((ناوی شت دەنرێ بە ناوی شتێکی ڕابردووی دەکرێ و مەبەست گشتە)).[٢٨]

٤. یەك جار شێوازی خواستنی درکاو دروستبووە:

دەسم و ملت لە یەکتری ناترازێنن

تەوراسی هەرچی زۆردارە..

لەم دوو دێڕەشدا.. مل دراوەتە شار، بەڵام قەرینەی عەقڵی دەڵێ: مل هی شار نییە، ئەدی چۆن وەها دروستبووە؟ ئەمە لە بنجدا لێکچواندن بووە، بەم شێوەیە بووە: شار وەکو ئادەمیزاد ملی هەیە.. لە پاشان ئەو لێکچواندنە شکێنراوەو لەوچوو کە ئادەمیزادە لابراوە، شار کە لێیچووە ماوەتەوە، ملیش پەیوەستی ئادەمیزادەکەیە دراوەتە شار کە لێچووەکەیە، ئەوەش هەستی بە مرۆڤکردنەو بەم شێوەیە خواستنی درکاو دروستی کردووە.[٢٩]

خۆشم دەوێ هەرچی شارە

بەڵام شورای مەڵبەندەکەی مامە یارە

لە دڵمدا لە هەموویان زیاتر دیارە

لێرەدا شێوازی لێکچوواندنی نائاشکرا، یان لەخۆگر (التشبیه الچمنی) [٣٠] هەیە، چونکە بە ئاشکرا نەیگوتووە، شورای مەڵبەندەی مامەیارەم وەکو شارەکانی تر خۆشدەوێت، بەڵکو هەست دەکەین بە نائاشکرا گوتوویەتی: مەڵبەندەکەی مامە یارە لە هەموویان زیاتر دیارە.. واتە لە خۆشەویستیدا نەوەك وەکو ئەوان دیارە، بەڵکو لە هەموویان دیارتر و خۆشەویسترە.

هەموو کێوێکی بەرز جوانە

بەڵام زەریترین لوتکە

لەلای من هەر گۆیژەو هەیبەت سوڵتانە

لێرەدا شێوازی لێکچوواندنی نائاشکرا، یان لەخۆگر (التشبیه الچمنی) هەیە، چونکە بە ئاشکرا نەیگوتووە، گۆیژەو هەیبەت سوڵتان وەکو هەموو کێوێکی بەرزن لە جوانیدا، بەڵکو بە نائاشکرا هەست دەکەین گوتوویەتی: گۆیژەو هەیبەت سوڵتان نەوەك بە تەنیا لە جوانیدا وەکو هەموو کێوێکی بەرز وانە، بەڵکو بە نائاشکرا گوتویەتی: گۆیژەو هەیبەت سوڵتان لە هەموو کێوە بەرزەکانی تر جوانترن.

ئاوی هەموو کانی و کاریزێ ڕەوانە

بەڵام لای من خۆشترین ئاو

ئاوە ڕوونەکەی سیروانە

لێرەدا شێوازی لێکچوواندنی نائاشکرا، یان لەخۆگر (التشبیه الچمنی) هەیە، چونکە بە ئاشکرا نەیگوتووە، ئاوە ڕوونەکەی سیروان وەکو ئاوی هەموو کانی و کاریزێ ڕەوانە، بەڵکو هەست دەکەین بە نائاشکرا گوتوویەتی: ئاوە ڕوونەکەی سیروان لە ئاوی هەموو کانی و کاریزێ ڕەوانترە.

هەموو گۆرانییەکی خۆش

پلوسکی بزۆزی گیانە

بەڵام لای من بەتامترین گۆرانی هەر

هۆڕەو لاوك و حەیرانە

لەم کۆپلەیەشدا دیسانەوە شێوازی لێکچوواندنی نائاشکرا، یان لەخۆگر (التشبیە الچمنی) هەیە، چونکە بە ئاشکرا نەیگوتووە، هۆڕەو لاوك و حەیران وەکو هەموو گۆرانییەکی خۆش بەتامە، بەڵکو هەست دەکەین بە نائاشکرا گوتوویەتی: هۆڕەو لاوك و حەیران لە هەموو گۆرانییەکی خۆش بەتامترە.

بە کورتی ئەوەی لە بارەی حاڵەتی بەلاغی ئەم شیعرە بۆمان دەرکەوت، ئەمانەی خوارەوەن:

١- بنیاتی بەلاغەتی ئەم شیعرە لە (٢٣) شێواز و وێنەدا خۆی دەبینێتەوە.. ١٠ شێوازی هەواڵی، پێنجی هەواڵی درووست و پێنجی هەواڵی خوازەیی.. هونەرەکانی جوانکاری ٦ وێنە، بریتینە لە هونەرەکانی (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا) یەك جار دەرکەوتووە.. (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد) یەك جار دەرکەوتووە.. (گێڕانەوە) دوو جار دەرکەوتووە، جارێ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (لە)یەو جارێك گێڕانەوەی (ناو)ە، هەردوو جاریش گێڕانەوەی دووبینە.. (کۆکردنەوە) دوو جار دەرکەوتووە، جارێك کۆکردنەوەی سێیی و جارەکەی تر کۆکردنەوەی دوویییە.. ٧ وێنەی ڕوونبێژی، لە هونەری لێکچواندنی نائاشکرا ٤ وێنە.. لە هونەری درکە یەك وێنە.. لە هونەری خوازە یەك وێنە.. لە هونەری خواستنی درکاو یەك وێنە.

٢- بەلاغەت زۆر گرنگە، چونکە ئاخاوتن لە سادەیی ڕزگار دەکات و جوان و ڕەوان و کاریگەری دەکات، بەڵام بێگومان نابێ ئەو بەلاغەتەش زۆربێ و بەشێوەیەك بێ ڕەوانییەکە بشێوێنێ و دەقەکە ئاڵۆز بکات، ئەوەتا ئەرستۆ لە زووەوە ئاماژەی بەو بارە کردووەو گوتوویەتی: ((شیعر چەندە لە سادەیی دووربکرێتەوە بەهێزتر دەبێت، بەڵام ئەگەریش زێدەڕۆیی کرد، لە لەخۆگرتنی وشەی ناڕۆشن و خوازراوی، ئەوا دیسانەوە لاواز دەبێت و وشکدەبێتەوە))[٣١]، ئەم تێکستەش بەلاغەتەکەی لە بارێکی ئاسایی دایەو بەو شێوەیە نییە، کە بێ بەلاغەت بێ، چونکە بە گەلێ هونەری بەلاغە خۆی جوان کردووە، لەولاشەوە هونەرە بەلاغییەکانی ئەوەندە زۆر نینە ئاڵۆزیان کردبێ، کەوابێ بنیاتە بەلاغییەکەی زۆر درووستەو ئەوەشە وەکو یەك لە هۆکارە گرنگەکان، کە کاریگەرییان بۆ درووستکردووە.

## ئەنجام

١. لە ڕووی بنیاتی بیرییەوە، بیری سەنتەر و بنجی ئەم هۆنراوەیە خۆشەویستی شاری سلێمانییە، بەڵام لەبەر هۆکانی بەرهەمهێنانی مۆسیقای دەرەوەی، وەکو کێش و سەروا، یانیش لەبەر نەبوون، یان ڕازینەبوونی شاعیر بە هەندێ ڕەگەز لە سلێمانی، خۆشەویستی بۆ ناوچەو شتەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بردووە، ئەوەش لادان و ناتەواوییە لە بیری سەنتەر و بنجی هۆنراوەکەو کەموکوڕی بۆ درووستکردووە.

٢. کێشی ئەم هۆنراوەیە ئازادە، بەڵام بێ (کێش) نییەو هۆنراوەیەکی کێشداری تەفعیلەییە، هەمیشە دێڕەکانی دابەشبوونەتە سەر دوو، یان سێ تەفعیلەی چوار برگەیی.

٣. دیاردەی تەدویر لەم تێکستەدا بڵاوەو لە هەشت شوێندا بەرجەستەکراوە.

٤. ئەم هۆنراوە پێنج کۆپلەیەو هەموو کۆپلەیەکی پابەندی سەروایە، بەڵام سەرواکەی بە شێوەیەکی ئازاد بەکارهێناوە، ئەمە بەو واتایەی سەروای هەر کۆپلەیەکی بەو پیتە درووستکردووە، کە مەبەستی کۆپلەکە سەپاندوویەتی، نەوەك بە زۆرلەخۆکردن سەرواکە هەمیشە لەسەر پیتێکی دیاریکراو دامەزرێنرابێ، جگە لەوە پیتی ڕەوی هەمیشە پێش ڕەوی و پاش ڕەویی هەیە، بەوەش سەروای ئەم تێکستە بەهێز و جوان و دڵگیر درووستبووە.

٥. مۆسیقای ناوەوەی ئەم تێکستە بەهێز نییە، چونکە کەمترین هونەری ڕەوانبێژی بەشدارییان لە بنیاتی مۆسیقای ناوەوەیدا کردووە، ئەوانیش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جوداو ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد و گێڕانەوەو کۆکردنەوەن و ٦ جار دەرکەوتوون، هەرچی دووبارەبوونەوەشە، بەزۆری دووبارەبوونەوەی دەنگی تیایە، کە ٨ جار دەرکەوتووە، بەڵام دووبارەبوونەوەی وشەیی لە هەموو شیعرەکەدا تەنیا ٣ جار دەرکەوتووە، لابردنی پیتیش جارێك هاتووە، بەڵام شاعیر ئەم لاوازییەی مۆسیقای ناوەوەی بە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە پڕکردۆتەوە، کە مۆسیقای دەرەوەی بەهێزە، کێش و سەرواکەی بەهێز دامەزراندووە.

٦. بوونی پێویستە لە بنیاتی سەروای ئەم تێکستەدا، وەکو هونەرێکی جوانکاری لە بەلاغەتدا بە شێوەیەکی بەردەوام خۆی چەسپاندووەو ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانەی ئەم تێکستە ئەگەر لە مۆسیقای ناوەوەیشی لاواز بێ، بەڵام لە مۆسیقای دەرەوەی بەهێز و پڕ کاریگەری بێ.

٧. لە ڕووی بەلاغەتەوە شێوازە هونەرییەکانی ئەم شیعرە (٣١) شێوازی هونەری بەلاغین، (١٠)ی واتاسازی و شێواز، (١٤)ی جوانکاری و مۆسیقای ناوەوەو دەرەوە.. (٧) وێنەی ڕوونبێژی.

## پەراوێزەکان

١. علية جاسم النجار، النقد الأدبي في المهجر، رسالة ماجستير مقدمة ألى مجلس قسم اللغة العربية، بكلية الأداب جامعة المستنصرية، بأشراف: د. عناد أسماعيل الكبيسي، كانون الاول ١٩٨٥، ص ١٥٦.

٢. د. نعمان بوقرة، المصطلحات الأساسية، عالم الكتب الحديث - جدارا للكتاب العالمي، عمان - الأردن، ص ٩٥. ٣. ابراهيم أحمد، أنطولوجيا اللغة عند مارتن هيدغر، الدار العربية للعلوم ناشرون، الجزائر، ١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨م، ص ٨٥.

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤. جەمال حبيب الله (بێدار)، دەروازەی شیعرناسین، نارین بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٧.

٥. د. عوسمان دەشتی، لە بارەی بنیات و زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٨٣.

٦. د. يادكار لطيف الشهرزوري، المفاتيح الشعرية - قراءة أسلوبية في شعر بشار بن برد - ، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق - سوريا، ٢٠١٢، ص ٦٧.

٧. مەسعود جەمیل ڕەشید، ڕۆلێ تەوەرێن هەڵبژارتن و ڕێزکرنێ د چێکرنا ڕیتما هۆزانا کلاسیکیيا کورديدا، چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٢٣.

٨. د. يادكار لطيف الشهرزوري، المفاتيح الشعرية، ص ٩.

٩. پیتەر هاڵبێرگ و نووسەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٩٨.

١٠. عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، نارین بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٥.

١١. پیتەر هاڵبێرگ و نووسەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٩٨.

١٢. تيرينس مورو و كريستين كارلنغ، فهم اللغة (نحو علم لغة لما بعد مرحلة ضومسكي)، ترجمة: د. حامد حسين الحجاج، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٠٦.

١٣. عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، ل ٢٣.

١٤. هێمن عومەر خۆشناو، هونەری تەدویر لە شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)دا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ: ٣٩، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل ٣٢.

١٥هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

١٦. د. خضر موسى محمد عبود، الراقي في حداثة علم العروض والقوافي، دار الكتب العلمية، بيروت ، لبنان، ٢٠١٣، ص ٦٨.

١٧. حسني عبدالجليل يوسف، علم القافية عند القدماء والمحدثين، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، مصر - قاهرة، ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٥م، ص ٣.

١٨. بڕوانە: د. احمد مطلوب، فنون بلاغية (البيان والبديع)، الطبعة الأولى، دار البحوث العلمية، الكويت، ١٣٩٥هـ، ١٩٧٥م، ص ٢٦٠.

١٩. فرمێسك موصلیح محەمەد، مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی وەفاییدا، نامەی ماستەری پێشکەشکراو بە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، تشرینی یەکەمی ٢٠١٥، ل ٨١.

٢٠. بڕوانە: - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم: جوانکاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥، ل ١٦.

٢١. بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

٢٢ - بڕوانة: د. انعام فوال عكاوي، المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، مراجعة: أحمد شمس الدين، الطبعة الثانية (طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ١٤١٧هـ، ١٩٩٦م، ص ٣٠٣.

٢٣. بڕوانە: أحمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٧م ، ص ٣٣١.

٢٤. بڕوانە: د. وليد قصاب، البلاغة العربية البيان والبديع، الطبعة الاولى، دار القلم للنشر والتوزيع، دبي، الأمارات العربية المتحدة، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م، ص ٧.

٢٥- بڕوانە: سعدالدين مسعود بن عمر التفتازاني، المطول شرح تلخيص المفتاح، الطبعة ألأولى، دار أحياء التراث العربي، بيروت - لبنان، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م، ص ١٩.

٢٦- بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٧- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاكانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاكانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٤٢٣هیجری، ٢٠٠٢زاینی، لا ٦٩.

٢٨- بڕوانە: د. انعام فوال عكاوي، المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، ص ٦٤٠.

٢٩- طارق علوان، دائرة المعارف في النحو - الصرف - البلاغة - العروض، الطبعة الثانية، ١٤٢٧هجرية - ٢٠٠٦ ميلادية، ص ١٣١.

٣٠- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی، نارین بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٤٨.

٣١- بڕوانە: كتاب أرسطو، فن الشعر، ترجمة وتقديم: د. ابراهيم حمادة، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٣، ص ١٩٠.

## سەرچاوەكان


**یەكەم: كتێب بە زمانی كوردی**

١- پیتەر هاڵبێرگ و نووسەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢- جەمال حبیب الله (بێدار)، دەروازەی شیعرناسین، نارین بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

٣- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی، بەرگی دووەم: جوانكاری، چاپی یەكەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.

٤- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاكانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاكانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٤٢٣هیجری، ٢٠٠٢زاینی.

٥- عەزیز گەردی، كێشناسی كوردی، نارین بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤.

٦- د. عوسمان دەشتی، لە بارەی بنیات و زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٧- موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی، نارین بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

٨- مەسعود جەمیل ڕەشید، ڕۆڵێ تەوەرێن هەڵبژارتن و ڕێزكرنێ د چێكرنا ڕیتما هۆزانا كلاسیكییا كوردیدا، چاپكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

**دووەم: كتێب بە زمانی عەرەبی**

٩- ابراهيم أحمد، أنطولوجيا اللغة عند مارتن هيدغر، الدار العربية للعلوم ناشرون، الجزائر، ١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨م.

١٠- أحمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٧م.

١١- د. احمد مطلوب، فنون بلاغية (البيان والبديع)، الطبعة الأولى، دار البحوث العلمية، الكويت، ١٣٩٥هـ، ١٩٧٥م.

١٢- أرسطو، كتاب أرسطو، فن الشعر، ترجمة وتقديم: د. ابراهيم حمادة، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٣

١٣- د. انعام فوال عكاوي، المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، مراجعة: أحمد شمس الدين، الطبعة الثانية (طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ١٤١٧هـ، ١٩٩٦م.

١٤- تيرينس مورو و كريستين كارلنغ، فهم اللغة (نحو علم لغة لما بعد مرحلة ضومسكي)، ترجمة: د. حامد حسين الحجاج، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨.

١٥- حسني عبدالجليل يوسف، علم القافية عند القدماء والمحدثين، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، مصر - قاهرة، ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٥م.

١٦- د. خضر موسى محمد عبود، الراقي في حداثة علم العروض والقوافي، دار الكتب العلمية، بيروت ، لبنان، ٢٠١٣.

١٧- سعدالدين مسعود بن عمر التفتازاني، المطول شرح تلخيص المفتاح، الطبعة ألأولى، دار أحياء التراث العربي، بيروت - لبنان، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م.

١٨- طارق علوان، دائرة المعارف في النحو - الصرف - البلاغة - العروض، الطبعة الثانية، ١٤٢٧هجرية - ٢٠٠٦ ميلادية.

١٩- د. نعمان بوقرة، المصطلحات الأساسية، عالم الكتب الحديث - جدارا للكتاب العالمي، عمان - الأردن.

٢٠- د. وليد قصاب، البلاغة العربية البيان والبديع، الطبعة الاولى، دار القلم للنشر والتوزيع، دبي، الأمارات العربية المتحدة، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م.

٢١- د. يادكار لطيف الشهرزوري، المفاتيح الشعرية - قراءة أسلوبية في شعر بشار بن برد - ، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق - سوريا، ٢٠١٢.

**سێیەم: نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی**

٢٢- فرمێسك موصلیح محەمەد، مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی وەفاییدا، نامەی ماستەری پێشکەشکراو بە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، تشرینی یەکەمی ٢٠١٥.

**چوارەم: نامەی ئەکادیمی بە زمانی عەرەبی**

٢٣- علية جاسم النجار، النقد الأدبي في المهجر، رسالة ماجستير مقدمة ألى مجلس قسم اللغة العربية، بكلية الأداب جامعة المستنصرية، بأشراف: د. عناد أسماعيل الكبيسي، كانون الاول ١٩٨٥.

**پێنجەم: گۆڤار بە زمانی کوردی**

٢٤- هێمن عومەر خۆشناو، هونەری تەدویر لە شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)دا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ: ٣٩، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧.

**شەشەم: سەرچاوەی شیعرەکە**

ئەم شیعرەی (مەڵبەندەکەی مامەیارە) لەم دیوانەی خوارەوە وەرگیراوە:

٢٥- لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شیڤان، ٢٠٠٥، ل ٧٩٠.

## بناء الفكر والبلاغة والموسيقى في نص (مةلبةندةكةي مامةيارة) للطيف هلمت
## دراسة بلاغية فنية تحليلية

يبدو أن نص (مةلبةندةكةي مامةيارة) للطيف هلمت من النصوص الغنية بالجماليات الفنية والبلاغية، لذلك اخترناه عنوانا لهذا البحث.

قسمنا الدراسة على خمسة محاور، المحور الأول مخصص للبناء الفكري، والمحور الثاني للبناء العروضي، والمحور الثالث لبناء القافية، والمحور الرابع مخصص لدراسة الموسيقى الداخلية، أما المحور الخامس والأخير فخصصناه لدراسة البناء البلاغي.

وبعد رحلة مع هذه المحاور وصل البحث إلى مجموعة من الاستنتاجات، لخصناها في ٧ نقاط، وهي:

١- من ناحية البناء الفكري، إن أساس هذه القصيدة حب مدينة السليمانية، ولكن بسبب إنتاج الموسيقى الخارجية، كالعروض والقافية أو بسبب عدم وجود أو عدم رضى الشاعر عن بعض الأمور التي تخص السليمانية، تطرق الشاعر إلى المناطق الأخرى من كوردستان، وهذا خروج عن فكرة المركزية والأساسية للقصيدة، وهذا يعد نقصا في القصيدة.

٢- القصيدة تندرج تحت الشعر الحر، ولكنها ليست من دون وزن، بل التزم الشاعر بالتفعيلة، وتوزعت أبياتها على تفعلتين أو ثلاث تفعيلات مكونة من أربعة مقاطع، فهي أذن قصيدة التفعيلة.

٣- ظاهرة التدوير لها حضور لافت للنظر، إذ تكررت ثمان مرات.

٤- تتألف هذا النص من خمسة مقاطع، كل مقطع منها لها قافية خاصة.

٥- لا يوجد للموسيقى الداخلية حضور فعال، نظرا لافتقار القصيدة إلى الكثير من الظواهر البلاغية التي تشارك في بناء الموسقى الداخلية للقصيدة، ومن الظواهر الموجودة فقط: نوعين من الجناس الناقص، التصدير، الجمع، أما عن التكرار فيوجد تكرار الأصوات، وحدث هذا في ٨ مواضع، ويوجد تكرار الكلمات في ٣ حالات، وقد عوّض الشاعر ضُعف الموسيقى الداخلية بالموسيقى الخارجية لها، فهي موسيقى جميلة نتجت عن الوزن الجميل والقافية الجميلة.

٦- تظهر (لزوم ما يلزم) في بنائ القافية لهذا النص الشعري، بصورة دائمة، وهذا ما جعل الموسيقى الخارجية أقوى وأجمل، وجعل من النص أن لا يتأثر بضعف الموسيقى، لسبب ضعف في موسيقاه الداخلي.

٧- من الناحية البلاغية يوجد ٣١ أسلوب بلاغي، ١٠ منها يخص الأسلوب والمعاني، و١٤ منها يخص جماليات الموسيقى الداخلية والخارجية و٧ منها يخص الصور البيانية.

## Building Thinking, Rhetorical and Music
## In the poem Malbandi Mama Yara by Lateef Halmat


This text *I love every city* by Halmat Lateef is one of the texts, which is full of beautifulness and rhetorical. Therefore, this text becomes the title of the current study.

This study is divided for five parts. The first part is devoted to build thinking. The second part is devoted to build rhythm. The third part is to rhyme. The fourth part is to build to internal music. The fifth part is devoted to build rhetorical.

١- Concerning thinking, the message is to show the love towards the city of Sulaimani. But, because of rhythm and rhyme, the poet takes his love to other cities in Kurdistan. In this case, there is a lack of thinking of the poem.

٢- The rhythm of this poem is a free rhythm. But, it is not a blank verse. The lines of the poem are divided for four sonnets.

٣- The phenomenon of beauty of poetry can be seen in eight places in this text.

٤- The poem includes five sonnets; all of them have a rhyme. But, the poet uses the rhyme in a free method. The poet uses a rhyme with a letter, which is imposed by each sonnet.

٥- The internal music of the text is not strong because the rhetoric did participate in internal music so much. For example, complete and incomplete pun, narration comes six times. Concerning repetition, it comes eight times. But, word repetition comes three times in the whole poem and word omission comes once. But, the poet fills the internal weak music by the power of external music because the external music is strong.

٦- Having enough rhyme in the poem helps the poem to have a strong and effective external music.

٧- Concerning the rhetorical form, this poem has thirty one rhetorical form, ten of them is semantics, fourteen of them is beauty, internal and external music, and seven of them is rhetorical image.